کۆمسیۆن هەڵبژاردنەکان : ڕەنگە لە هەفتەی داهاتوو ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن ڕابگەیەنرێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دووپاتی کردەوە کە ڕەنگە هەفتەی داهاتوو ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردن ڕابگەیەنرێت، لەکاتی دیاریکردنی وادەی کۆتایی هاتنی تەواوەتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، کۆمیسیۆن میکانیزمی حیسابکردنی کورسییەکانی بەپێی شێوازی سانت لیگۆ ڕوونکردەوە.

جومانە غەلای، وتەبێژی کۆمسیۆن لەلێدوانەکدا کەموتەڵیع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: کۆمسیۆن سەرقاڵی پرۆسێسکردنی ئەنجامەکانی ئەو بنکانەی دەنگدانن کە تا ئێستا پێشکەشیان نەکردووە، ئەم ئەنجامانە دەخرێنە ناو سەنتەری خشتەی دەنگدانەوە، دەنگەکانی ئەو وێستگانەش هەژمار دەکرێن وەك ئامادەکارییەك بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامە کۆتاییەکان، ئاماژەی بەوەشکردووە ئەم پرۆسەیە هاوکات لەگەڵ چارەسەرکردنی سکاڵاکان ئەنجام دەدرێت.

ئاماژەی بەوەشکردووە : ئەنجامی کۆتایی دوای یەکلاییکردنەوەی سکاڵاکان ڕادەگەیەنرێت، لەوانەیە لە ماوەی هەفتەی داهاتوودا، ئاماژەی بەوەشکرد ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بڕیارەکە لەلایەن دەستەی کۆمیساریاوە دراوە.

ئەو ڕوونی کردەوە : کە هەموو بڕیارەکانی دەستەی کۆمیسیاران لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە دوای

بڵاوکردنەوەی لە ماڵپەڕەی فەرمیدا، تانەیان لەدەرەت و ئاماژەی بەوەشکردووە کاتێك پرۆسەی تانەدانەکان کەتایی هات کە حەوت ڕۆژی کارکردنی بە کۆمسیۆن و دە ڕۆژی دەوڵەت بە دەسەڵاتی دادوەری دەگەینە کەتایی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان، ئەو ڕوونیکردەوە کە هەموو دەنگەکان دەخرێنە ناو بەرنامەیەکی تایبەتەوە کە شێوازی سانت لیگۆ بە تەرخانکردنی کورسییەکان حیساب دەکات، کۆمیسیۆنەکەش ژمارەی کورسییەکان ڕادەگەیەنێت.

سەبارەت بە میکانیزمی حیسابکردنی کورسییەکان بەپێی شێوازی سانت لیگۆ، غەلای پشتڕاستی کردەوە : کە ژمارەی کورسییەکان بە بەکارهێنانی بەرنامەیەکی تایبەت حیسابی بۆ دەکرێت کە دەنگی کاندیدەکان دەخاتە ناوەوە، دواتر ئەم بەرنامەیە کورسییەکانی هەر پارێزگایەك بە وردبینییەکی زۆر دابەش دەکات.